

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

لوقمان ڕادپەی

# کورد نابێت متمانە بە دەسپێشخەریی ناڕاستگۆیانەی تورکیا بۆ ئاشتی بکات

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

کاروباری جیهانی

ژووری هزری کۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست | Middle East Forum

# کورد نابێت متمانە بە دەسپێشخەریی ناڕاستگۆیانەی تورکیا بۆ ئاشتی بکات


## لوقمان ڕادپەی

ژووری هزری کۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (Middle East Forum)



ئۆکتۆبری 2024

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

کاروباری جیهانی

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

لە کاتێکدا ئێسرائیل لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حەماس، حزبوڵڵا و هێزە چەکدارەکانی دیکەی سەر بە ئێران دەستی باڵای هەیە، داینامیزمیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گۆڕاندایە. بە بۆنەی لاوازبوونی پرۆکسییەکانی ئێرانەوە، چی دیکە ئیسرائیل پێویستی بە تورکیا وەکوو هاوکارێکی ستراتژیک نییە. تورکیا بە تێگەیشتن لە ئەگەری کەوتنە پەراوێزی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ ڕێچکەی خۆی گۆڕیوە و لەناکاو پێشنیاری گفتوگۆ بۆ گەیشتن بە ئاشتی لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریی کورد دەدات. دووای کوشتنی دوو پۆلیسی تورک لە لایەن پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و تۆمەتباربوونی تورکیا لە هاوکاری لەگەڵ داعش بۆ بومبدانانی لە پیرسوس (سوروچ) و کوژرانی زۆرتر لە سی کەس و برینداربوونی زیاتر لە سەد کەس لە چالاکوانانی کورد، هەنگاوێکی هاوشێوە بۆ ئاشتی لە ساڵی 2015دا شکستی هێنا.

تورکەکان دەڵێن ڕێگەیان بە عەبدوڵا ئۆجالان (کە لە ساڵی 1999ـەوە لە دورگەی ئیمرالی زیندانییە) داوە کە لەگەڵ سەرکردەکانی پەکەکە لە شاخەکانی قەندیل پەیوەندی بگرێت. لە هەر حاڵەتێکدا، ڕۆژنامەنووسان نابێت ئەم لێدوانانەی تورکیا بە سانا وەربگرن. پەکەکە چوارچێوەیەکی توندی ئەمنی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ڕەچاو دەکات و لەم دووایانەش بۆنەی هێرشە درۆنییەکانی تورکیا بۆ سەر ڕێبەرانی پەکەکە لە قەندیل، ئەگەری هەبوونی پەیوەندی تەلەفونی دەگمەنە.

بەڵام ئەگەر ئەم پەیوەندییە ڕووی داوە، چ شتێک دەتوانێت ناواخنی ئەم وەرچەرخانەی تورکیا ڕوون بکاتەوە؟

لەو سەردەمەوە کە موستەفا کەماڵ ئەتاتورک لە ساڵی 1923، تورکیای وەکوو دەوڵەت-نەتەوەیەکی ئێتنیکی-شۆڤێنی بنیاتنا، دەوڵەتی تورکیا بوونی کوردەکانی وەکوو نەتەوەیەکی جیا کە لە سەر نیشتمانی مێژوویی خۆیان دەژین ڕەد کردەوە. تورکیا لە ساڵانی سەرەتای دامەزراندنەوە، دەستی بۆ پاکتاوکردنێکی توندوتیژ دژ بە کورد برد؛ هەروەها لە درێژەیدا ڕێکخستنێکی بۆ سڕینەوەی کەلتووری دەستپێکرد کە قەدەغەکردنی زمان، موسیقا و میراتی کوردی لێکەوتەوە. تورکیا بەردەوام لە ڕێگەی لەسێدارەدان یان زیندانیکردنی ڕێبەرەکانیانەوە، هەوڵی بەتورککردنی کوردەکان و سەرکوتی ناسنامەکەیانی داوە؛ ئەشکەنجە و تواندنەوەی لە ڕێگەی سیستمی پەروەردە گرتووەتە بەر. ئەمڕۆکەش سەرکوت بە بێ وەستان بەردەوامە. لە راستیدا بوردومان و وێرانکردنی شار و گوندەکانی کوردستان لە لایەن هێزی سەربازی تورکیا، لە دووای ڕاگرتنی ئۆپراسیۆنەکانی پەکەکەش لە ساڵانی ڕابردوو دیسان بەردەوامە و زیاتریش بووە.

ئێستا سەرۆکی حزبی بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکیا (MHP) لەگەڵ هاوسەرۆکی حزبی یەکسانی و دێمۆکراسی (DEM) کە لایەنگری کوردەکانە ڕادەکێشێت؛ جووڵەیەکی سیاسی دەستی تەوقە کە لە لایەن سەرۆککۆمار و بەڕێوبەری حزبی داد و گەشە (AKP)، ڕەجەب تەییب ئەردۆغان پاڵپشتی لێکرا.

لێکدانەوە ستراتژیکەکانی تورکیا گۆڕانی بەسەردا هاتووە بەڵام ناواخنی سیاسەتەکەی وەک خۆی ماوەتەوە. لە کاتێکدا حکومەتی تورکیا سەرقاڵی شانۆگەری و پێشاندانی وێنەی تەوقەکردنەکەیە، دەیان ناوەند و دامەزراوەی زمانی و کەلتووری کوردی لە سەرانسەری باکووری کوردستان داخستووە. ئەم کردەیە هاوکات بووە لەگەڵ داگیرکردنی ڕۆژاوای کوردستان -بۆ بەتورککردنی ناوچەکە- کە ئاوارەیی و جێهێشتنی ماڵی هەزاران کوردی لێکەوتووتەوە. نوێنەر و سەربازانی تورک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی دیمۆکراتی سۆریا (SDF) [هەسەدە] دەست بۆ تێرۆر و کوشتنی خەڵکی سڤیل دەبەن تاکوو بەم بۆنەیەوە ژمارەیەکی بەرفراوانتر لە کوردەکان لەو ناوچەیە ڕابگوێزن. هەروەها لە باشووری کورردستان، سوپای تورکیا ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی گەرژتر کردووە و سەدان کەسی لە ناوچەیەش کوشتووە.

کۆی ئەم ڕەفتارانە دەیسەلمێنێت کە ئەنکەرە هیوای ئەوەی هەیە کە لە هەرجۆرە نەزمێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەک وەک هێزێکی پەسیڤ بەڵکوو وەک ئەکتەرێکی چالاک بەشدار بێت. ڕاگرتن و پاراستنی ڕۆڵی سەردەست لە لایەن تورکیا گرنگییەکی زۆری هەیە و هاوکات لە چاوی بەرپرسانیانەوە، کوردەکان نەک نەتەوەیەکن بۆ ڕێزگرتن بەڵکوو کەرەستەیەکن بۆ دەستکاریکردنی ناوچەکە. ڕەنگە تورکیا هەوڵی ئەوە بدات کە کوردەکان پەراوێز بخات بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وڵاتانی ئەورووپی و وڵاتانی عەرەبی ناوەڕاست نابێت وەها شێوازێک بگرنە بەر. لە نێو هەر جۆرە قەوارەیەکی نوێ بۆ ناوچەکە، کوردەکان هاوپەیمانێکی پێویست و گرنگن. هەم لە عێراق و هەم لە سوریا، کوردەکان هێزێکی سەلمێنراوی پاڵپشتی

خۆرئاوان کە لە بەرانبەر داعش و گرووپە ڕادیکاڵ و جیهادییەکان خۆڕاگرانە وەستاون. هەروەها کـوردەکـان لە ئێران تـــوانـســـتی ئەوەیـان هەیە کە هـــاوکـارێکی جێ مـــتـمـانە بۆ هەر جۆرە چوارچێوەیەکی نوێی سیاسی و ئابووری بن.

ڕاســـتی ئەوەیە کە تـــورکیـا لە تـــرسی ڕۆڵێکی بەرچـــاو کە کـوردەکـان دەتـــوانـــن بیـگـێڕن و دەسترۆشتوویی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ کەم بکەنەوە، دیسان یارییەکی فێڵەبازانەی گــرتــووەتە بەر. تـورکەکان پێش کۆتـایی شەڕی جیهانی یەکەم و پێش یاسـای بـنەڕەتی 29-ی ئۆکتۆبری 1923- کە بوونی کوردەکانی ڕەد کردەوە، پێشنیار و بەڵێنی خودموختارییان بە کورد دابوو. تورکیا تا ئێستاش لە سیاسەتی سەرکوتی ئێتنیکی و کەلتووری بەردەوامە: دادگاکانی دژ بە سیاسەتـــوان و شـــارەوانە کوردەکان بەکاردەهێنێت کە لە زمـــان و پیتە کوردییەکانی x و q کەڵک وەردەگـرن وا لە زمـانی تـورکیدا نین. سەرەڕای ئەمە، تـورکیا جـل و سەرپۆشـگەلێک کە ڕەنگی ســـوور، زەرد، سەوز و شێوەی ئـــاڵای کوردســـتانی هەبێت قەدەغە دەکات. کوردەکان بە بۆنەی گوێدان بە موسیقای کوردی یان جەختکردن لەسەر ناسنامەیان دەکوژرێن. زمانی کوردی لە دادگاکانی تورکیا بە فەرمی نەناسراوە.

زۆرجـار مێژوو ڕیتمی هەیە و کوردەکان دەبێت لەمەڕ پێشنیارەکانی تـورکیا چـاوکراوە و ئـاگـادار بـن. زۆربەی جـار حـزبە دەسەڵاتـدارەکانی تـورکیا وەکوو کارتێکی مشـتومڕی سیاسی کەڵکیان لە پــرسی کوردســـتان وەرگــرتـــووە و هەروەهـــا سیاسەتی دژە-کورد و نیگەرانی ئەمنییان وەکوو دەرفەتی بزواندنی هەستی نەتەوەیی و کۆکردنەوەی دەنگ بۆ هەڵبژاردن بەکارهێناوە. بە بێ بە

فەرمی ناساندنی واقعی و جەوهەرییانەی خودموختاری و مافەکانی کورد، ئەم جۆرە شانۆیانە بۆ ئــاشــتیخوازی، وەکوو بــازنەیەکی بۆش دەبینرێت. پەیام بۆ کوردەکان زۆر ڕوونە: **کوردینە**، هەڵنەخڵەتێن. بــانــگەشەی "یەکێتی"و "ئــاشــتی" هیچ نییە جیا لە تەڵەکەیەکی دیکە بۆ دەستکاریکردنی ئامانجەکانی کورد بە قازانجی تورکیا.

ئۆجالان لە زیندانی تاکەکەسیدایە و لە ساڵی 2019ـەوە هیچ یەک لە ئەندامانی بنەماڵە یان پارێزەرەکانی مافی چاوپێکەوتنیان لەگەڵیدا نییە. متمانە تەنیا دووای بڕیار و کردەی ڕاستەقینە و بەرچاو دەستەبەر دەبێت. سەد ساڵ نکۆڵی و سەرکوت ناتوانێ بە شەوێک کۆتایی پێبێت یان تەنیا بە قسە و تەوقەیەک چارەسەر بکرێت.

---

سەرچاوە:

https://www.meforum.org/mef-observer/kurds-shouldnt-trust-turkeys-insincere-peace-outreach

* د. لوقمان ڕادپەی لێکۆڵەرێک لە بریتانیایە. کارناسی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەندامی هاوکاری "کۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" (Middle East Forum) و نووسەری کتێبی "بەرەو کوردستانێکی سەربەخۆ: مافی چارەیخۆنوسین لە یاسای نێونەتەوەییدا". ڕادپەی لە درێژەی یەک دەیەی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەرین لەسەر دۆخی یاسایی پرسی کوردستان و ڕەهەندە یاساییە نێونەتەوەییەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵک و نەتەوەکان نووسیویەتی.